# سیناریۆکانی عێراق لە قۆناغی ئینتیقالیدا

## یەکپارچەیی - لەبەریەکهەڵوەشان - دارِشتنەوەی ئەقلیمی

ئامادەکردنی: فەرهاد محەمەد

**لە ئەیلوولی ٢٠٠٤ ، ئامۆژگای چاتام هاوس «chatham house» ی بەریتانیا ، باسێکی گرنگی دەربارەی عێراق لە ماوەی ١٨ مانگی قۆناغی ئینتیقالی «لە ٢٠٠٤/٦/٢٨-٢٠٠٥/١/٣١» لە بەشی دیراساتی پرۆگرامەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بڵاوکردۆتەوە و ، ئەم باسە کە دەکرێت بڵێین چەند ئەگەرێکە و بۆ هەر ئەگەرێکیش پشتی بە چەندین فاکتەری جێگر و گۆرِا و بەستووە.. لە ئاستێکی ئەکادیمی بەرزدا شرۆڤە کراوە.**

**ئەم باسە کە دەکرێت پێشی بگوترێت میکانیزمی کارکردن «wakpaper» باشتر بوو ئەگەر دەقەکەی بەکوردی بڵاو بکرێتەوە.. بەڵام لەبەر ئەوەی باسەکە بریتی بوو لە ٢٦ لاپەرە، بۆیە وەرگێرانەکەی لە قەوارەی گۆڤاری گوڵان دەردەچوو.. ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی «گوڵان» لە بەرنامەیدا هەیە ئەم جۆرە باسانەی پەیوەندن بە قۆناغی ئینتیقالی عێراقەوە و بابەتی هەنووکەیین، بەشێوەی نامیلکەی گیرفان «poket book» چاپ بکات بەڵام وەک ئاگاداربوونێکی خوێنەرانی گۆڤارەکە بەو باسانە، هەوڵدەدەین بەیەکدوو ئەلقە ناوەرۆکی باسەکە بەکوردی پوختە بکەینەوە..**

### (بەشی یەکەم)

**ئەگەرەکانی بەردەم قۆناغی ئینتیقالی**

قۆناغی ئینتیقالی لە «٢٠٠٤/٦/٢٨» ەوە، کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و ئەنجومەنی حوکمرِانی عێراق هەڵوەشایەوە و حکومەتی کاتی دەست بەکار بووە، دەست پێدەکات و بە هەڵبژاردنەکانی عێراق و دارِشتنی دەستووری هەمیشەیی لە ٢٠٠٥/١/٣١ کۆتایی پێدیت و. ئەم ماوەیەش ١٨ مانگ دەخایەنێ. بۆ ئەم ماوەیە ئەگەری سێ سیناریۆ بۆ عێراقی ئایندە لەئارادایە و، ئەگەرەکانیش لەوخاڵەوە دەبنە جێگەی قسە وباس، ئەگەر حکومەتی کاتی عێراق کەوتە ئەم دووحاڵەتەوە:

**یەکەمیان / ئەگەر نەیتوانی کۆنترۆڵی عێراق بکات.**

**دووەمیان/ ئەگەر لە نێوان خودی ئەندامانی حکومەتی کاتی پیاهەڵشاخان روویدا، یان لە نێوان ئەندامانی حکومەتی کاتی و ئەمریکادا.**

ئەم دوو حاڵەتە هەرکامیان روودات عێراق بەرەو لێکترازان و لێک هەڵوەشان هەنگاو هەڵدەگرێت و بە پێچەوانەی ئەو مەزەندانەیە کە پێیان وابوو لە ژێر سایەی حکومەتی کاتیدا یەکپارچەیی عێراق دەپارێزرێت و هێزەکانی ئاسایشی عێراق سەر لەنوێ دادەمەزرێتەوە و بەبوونی هێزە فرەرِەگەزەکان کۆنترۆڵی باری ئاسایشی عێراق دەکرێت و لەم حاڵەتەشدا عێراق دەتوانێت کاریگەریی ئەقلیمیش تێپەرِێنێت و پێ بنێتە قۆناغێکی نوێ.. بەڵام بارودۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە وەرچەرخاو، دەبێ هەموو ئەگەرەکان لە جێی خۆیدا حسابی ووردی بۆ بکرێت، بەتایبەتی هەڵوێستی دەوڵەتانی هاوسێی عێراق کە زۆر بەووردی و بەنیگەرانییەوە چاودێری بارودۆخی عێراق لە قۆناغی ئینتیقالیدا دەکەن، هاوسێکانی عێراق تورِە و حەساسن، بەرامبەر ئەو هەلەی بۆ عێراقییەکان لە قۆناغی ئینتیقالیدا رەخساوە ، ئەوان بەو شێوەیە سەیری بارودۆخی عێراق دەکەن، هەر گۆرِانکارییەک لە عێراقدا بێتە ئاراوە کاریگەری بۆ سەر ئەوانیش دەبێت، سەرکەوتن و شکستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەم پرۆسەیەدا کاریگەری جۆراو جۆری لەسەر دەوڵەتانی هاوسێی عێراق دەبێت و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت، هەربۆیە ئەگەری هەر سیناریۆیەکیش بەدیدی جیاواز لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە سەیر دەکرێت..سیناریۆکانیش لەم حاڵەتەدا بریتین لە:

١- لەبەر یەک هەڵوەشان

٢- یەکپارچەیی



BRIEFING PAPER

CHATHAM HOUSE

MIDDLE EAST PROGRAMME BP 04/02

SEPTEMBER 2004

IRAQ IN TRANSITION: VORTEX OR CATALYST?

**Scenarios for Iraq**

There are three possible scenarios for Iraq in the 18-month transitional period which began with the handover of power on 28 June 2004. If the Iraqi Interim Government (IIG) or its successors fail to assert control over the country and/or its members quarrel with each other and the US, the country could progressively fall apart, or **fragment**. Alternatively, Iraq could **hold together** under the auspices of the transitional government, provided this has real power, a national security force begins to take shape, and the US presence is supportive but not overbearing. In addition, transnational or regional dynamics could overtake Iraq, such that it becomes simply the epicentre of a broader reconfiguring of Sunni/Shi'a, Arab/Iranian and Kurdish geopolitics – a **'regional remake'**.

**Implications for the region**

Iraq's neighbours are keenly following developments in the transitional period with a mixture of anxiety, anger and a sense of opportunity. The stakes are high because many of the dynamics unfolding in Iraq have great relevance across its weak borders in states also struggling with issues of identity, ethnicity, confessionalism, militancy and governmental legitimacy. Furthermore, the success or failure of the US project in Iraq will also have severe repercussions for those countries' critical and often difficult relations with the United States. The scenarios for Iraq have different implications for its neighbours, but none, save for certain elements in Iran and Israel, have any interest in Iraq fragmenting. Only Israel would be happy with an unqualified US success in Iraq; the other neighbours considered here would prefer to see a situation develop in which Iraq was largely stable but the US was still sufficiently bogged down to prevent it turning its attention elsewhere and to force it to accept the need for regional assistance.

**Scenarios**

1. Fragmentation — 2
2. Holding Together — 5
3. Regional Remake — 7

**The scenarios in brief** — (Box 4 - 9)

**Repercussions beyond Iraq**

- Militant Islamism — 10
- Iran — 12
- Saudi Arabia — 14
- Jordan — 16
- Syria — 18
- Israel — 20
- Turkey — 22

٣- دارشتنەوەی ئەقلیمی
ئەو لایەنانەشی دوای عێراق بەشێوەیەکی سلبی و ئیجابی ئەم سیناریۆیانە کاریگەری دەبێت لەسەریان بریتین لە:
١- میلیشا ئیسلامییەکان
٢- کۆماری ئێرانی ئیسلامی
٣- شانشینی عەرەبستانی سعودی
٤- شانشینی ئەردەن
٥- کۆماری سوریا
٦- دەوڵەتی ئیسرائیل
٧- کۆماری تورکیا.

**ئەو فاکتەرە سەرەکییە جێگیر و گۆڕاوانەی لەم باسەدا پشتی پێ بەستراوە**

بۆ شرۆڤەی ئەم ئەگەرانە پشت بەو فاکتەرە سەرەکییە جێگیر و گۆڕانە بەستراوە، کە راستەوخۆ بەشێکن لە دۆسیێ عێراق لە قۆناغی ئینتیقالیدا بەکورتی بریتین لە:
١- بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا و هەوڵەکانیان بۆ دابینکردنی ئاسایش
٢- کاریگەری کارە تیرۆریستەکان
٣- پێکهاتەو دەسەڵاتی حکومەتی کاتی عێراق
٤- فاکتەری ئەتنی و ئومێدی کورد بۆ سەربەخۆیی
٥-سیاسەتی مەزهەبی ..واتە ململانێی نێوان شیعە و سوننە و سووربوونی کەسایەتییە ئاینییەکان.
٦- ناسنامەی هۆز و خێڵەکانی عێراق و بەرژەوەندی وململانێکانیان.
٧- رۆڵی هاوسێکانی عێراق
٨- لە چوارچێوەی ئەقلیمیدا، سەقامگیری رێژەیی و ئاکامەکانی ناسەقامگیری
٩- رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان
١٠- فاکتەری بازرگانی و وەبەرهێنانی سەرمایە.
١١- هاریکاری نێودەوڵەتی بەر فراوان لە عێراقدا بە تایبەتی بەشداری فەرەنسا و ئەڵمانیا و رووسیا..هتد».
١٢- ئاستی جێبەجێکردنی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی ئینتیقالی«TAL»
١٣- چارەسەرکردنی دۆسیێ کەرکوک.

**لە عێراقدا فیدرالییەت سەرنەکەوێت.. مەسەلەکان لە دەست دەردەچن**

ئەم فاکتەرانە هەر هەموویان کاریگەریان لەسەر ئەگەری هەرسێ سیناریۆکە دەبێت.. بەڵام ئەگەر بپرسین ئایا گواستنەوەیەکی سەرکەوتوو چۆن دەبێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەندی بەو لایەنانەوە هەیە، کە هەریەکەیان بەجۆرێک لەپرۆسەکەدا بەشدارن و هەریەکەشیان دۆسیێ و بۆ چوونی جیاوازی بەرامبەر دۆسیێ عێراق هەیە.. لەم چوارچێوەیە گواستنەوەی سەرکەوتوو مانای «شتی جیاواز بۆ یاریزانە جیاوازەکان» دەگرێتە خۆی، بۆ نموونە گواستنەوەی سەرکەوتوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتین لە:
١- کەمکردنەوەی زیانی گیانی لەنێو ریزی هێزەکانی ئەمریکادا
٢- هاریکاری هاوسەنگی عێراق بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا.

بەڵام ئەگەر ئاکامەکە بەوە گەیشت فیدرالییەت سەرنەکەوێت و عێراق نەبێتە عێراقێکی فیدرالی، ئەوا جارێکی دیکە عێراق بە یەکپارچەیی نامێنێتەوە، ئەمەش نەبۆ سەقامگیری ئەقلیمی و نەبۆ سەقامگیری ناوخۆش بە ئیجابی ناشکێتەوە، بەڵکو دەبێتە سەرکەوتنێک بۆ عەرەبە قەومییەکانی نەیاری ئەمریکا و تیرۆریستان و، دەبێتە هۆی ئەوەی کارە تیرۆریستەکان هێندەی دیکە زیادبکات و هێزە فرەرەگەزەکان ناچاربن لە عێراق بکشێنەوە.

**سیناریۆکان**

**١- لەبەریەکهەڵوەشانی عێراق**

ئەم سیناریۆیە یاخود ئەم ئەگەرە لەو واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەدوای رووخانی رژێمی پێشووەوە باڵی بەسەر عێراقدا کێشاوە، ئەم واقیعەش بریتییە لەوەی کە لەدوای رووخانی رژێمی پێشووەوە ناسنامەی ئەتنی و مەزهەبی یان راشکاوانەتر بڵێین سوننەو شیعە و کورد بوونەتە سێ لایەنی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسی لە عێراقدا، هەریەکیش لەم سێ لایەنە لە چوارچێوەی چەندین پارت و لایەنی سیاسیدا گەشە بەو ناسنامانە دەدەن و هیچ کەسێکیش نییە ناسنامەی عێراقی بخاتە سەروو ناسنامەی ئەتنی یان مەزهەبییەکەیەوە، ئەمە بێجگە لەوەی هەندێک لە شرۆڤەوانانی سیاسی بروایان وایە کە ئەم بۆچوونانە بۆچوونی زۆرینەن لە عێراقدا و حاڵی حازریش هێزی سەرەکی لە دەست ئەو سێ لایەنەدایە، ئەمە لە کاتێکدا دەسەڵاتێکی هاوچەرخی ئەوتۆ لەئارادانییە کە بتوانێت بۆ شاییەکانی نێوان هەرسێ لایەن پڕبکاتەوە.

پێشتر و لەسەردەمی رژێمی پێشوودا، سەدام و بەعس بە ئاگر وئاسن ئەم سێ لایەنەی پێکەوە کۆکردبووەوە، بەڵام ئێستا ئەو زەمەنە بەسەرچوو دەبێت حکومەتی کاتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیر لەرێگە چارەیەکی تازە بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن عێراقییەکان پێکەوە کۆبکەنەوە، بۆ ئەمەش دەبێت:
١- نابێ شیعە بگەڕێتەوە بۆ ژێر ئەو چەوسانەوەی لە سەردەمی رژێمی پێشوودا لەسەریان بووە.
٢- نابێ کورد دەستبەرداری ئەو دەسکەوتانە بێت کە لەدوای ساڵی ١٩٩١ ەوە و لە چوارچێوەی خۆبەرێوەبردنی خۆیدا بەدەستی هێناوە.
٣- لەم کاتەدا سوننە خۆی لە نێو پێگەی قورسدا دەبینێتەوە، لەلایەک حکومەتی ناوەندی بەدەست شیعەوە دەبێت و هەرێمی کوردستانیش بە دەست کوردەوە دەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا سوننە پشتگیرییەکی فراوانی عەرەبە شۆڤێنییەکان دەکەن، لەکاتی یاخیبوونەکەی موقتەدا سەدر دژی هاوپەیمانان، هەندێک بۆچوون هەبوو، کە سوننەو شیعە لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە سەرکردە شیعە و کوردەکان، هاریکاری هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکانیان بۆ سازدانی هەڵبژاردن و نووسینەوەی لە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن.

لەوانەیە لە ئایندەشدا، حکومەتەکەی د. ئەیاد عەلاوی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە هەوڵبدات ژمارەیەک لە کۆنە بەعسییەکان بگێڕێتەوە بۆ نێو سوپا و هێزی ئاسایش، ئەم ستراتیژییەتەی وەک میکانیزمێک بۆ رێگرتن لە هەڵوەشانی عێراق دەگرێتەبەر.

**شکستی پێکهاتەی دەسەڵاتی ئینتیقالی**

لەم ماوەی ئینتیقالیدا گەلێک هۆکار دەبنە هۆی ئەوەی ئەگەری لەبەر یەکهەڵوەشانی عێراق زیاتر بێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەمریکا




گەیشتە ئەو ئاستەی هەوڵەکانی بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و سوڕانەوەی لە شارەکاندا بێهودەیە و، پەنای بۆ کاردانەوەی توند برد، ئەوکاتە لە هەردوو ناوچەی سوننەو شیعە لەگەڵ «تیرۆریستە بیانییەکان» ، کارە تیرۆریستییەکان بەرەو زیاتر دەچن نەک کەمبوونەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی بارێکی ناسەقامگیری ئەوتۆ، کە سوننەو شیعە بەعیلمانی و تەیارە ئاینییەکانەوە متمانەیان بەقۆناغی ئینتیقالی نەمێنێت و، هاریکاری هێزەکانی هاوپەیمانان ڕەتدەکەنەوە و دەست دەدەنە چەک و، ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە لە رادەبەدەریش هەوڵەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی بۆ سازدانی هەڵبژاردن دەکاتە کارێکی مەحاڵ، لەم چوارچێوەیشدا توندوتیژی و کاردانەوەی توندوتیژی دەبێتە دیاردەیەکی زاڵ و ئینتیقالی سیاسی نایەتە ئاراوە.

کوردیش کە هەوڵێکی گەورەی لەگەڵ هاوپەیمانان و ئەنجومەنی حومڕانی عێراقدا بۆ سەرخستنی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت لە ٢٠٠٤/٣/٨ داداوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵدا خۆ بەڕێوە ببەن، بەڵام ئەمەش لانی کەمی داخوازییەکانی کورد پێکدەهێنێت و لەلایەن سوننە و شیعەوە بەبیانووی ئەوەی لەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ٢٠٠٤/٦/٨ ئاماژەی پێنەکراوە ڕەتدەکرێتەوە.

لەم حاڵەتەدا کورد تێڕوانینی حکومەتی کاتی بەئیزدواجی دەبینێ و ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە دەبێتەوە، کە ئەم حکومەتە بە کوردی ڕەوانەبینی کەسایەتییەکی کورد یەکێک لەپۆستە سەرۆکایەتییەکان وەربگرێت.

لەلایەکی دیکەوە سووربوونی کورد لەسەرگێڕانەوەی کەرکوک بۆ چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەباشووریش باس لە پێکهێنانی هەرێمێک دەکرێت کە هەردووشاری نەجەف و کەربەلا لەگەڵ بەسرا ببنە هەرێمێک.

کە ئەم حاڵەتەش دەستی پێکرد، زەمینەیەکی لە باری لەیەکترازانیش هەیە، لە فەلوجە شیعە دەکوژن، لە سامەڕا کورد، ئەمەش جارێکی دیکە پەندی «بۆسنە» مان بەبیر دێتەوە، ئەو پێکهاتە ئاڵۆزی ماوەیەکی زۆر پێکەوە ژیان، لەشەو ڕۆژێکدا لێکجیادەبنەوە لەم حاڵەتەشدا زۆر نزیکە عێراق دابەش بێت بۆ کورد لەباکور، سوننە لە ناوەڕاست، شیعە لە باشوور، بەڵام دیسان پێناچێت ئەم دابەشکردنەش بەشێوەیەکی ئاشتییانە ڕووبدات، لەبەرئەوەی هەندێک لە شارەکانی وەک کەرکوک و موسڵ و بەغدا و بەسرا پێکهاتەیان هەمەجۆرە و ئەمەش وادەکات هەڵوەشانەوەکە توندوتیژی و خوێناوی بێت.

### مەزندەی لێکهەڵوەشانەوەی عێراق

#### ١- کورد

لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا، مەسەلەی هەڵوەشانەوەی عێراق لەو خاڵەوە دەست پێبکات، کە کورد هەست دەکات یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت ژێر پێدەخرێت، ئەگەر کورد هەستی کرد یاسای کاتی بوونی نامێنێت، ئەوا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، سەربەخۆیی کوردستان بە کەرکوکەوە ڕادەگەیەنێت، ئەم قۆناغە بۆ سەربەخۆیی کوردستان قۆناغێکی لەبارە، لەبەرئەوەی هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبوونی هێزە فرەرەگەزەکان، دەتوانن لەبەردەم تەواوی هێزی عێراقدا ڕابوەستن و پارێزگاری لە کوردستان بکەن.

لەسەرئاستی دەرەوە، سەربەخۆیی کوردستان پەشێوەیەکی زۆر بۆ دەوڵەتانی دراوسێ دروست دەکات و دەرگا ئەمنی و عەسکەرییەکان هەرەشەی دەستێوەردانی تورکیا بەهێزی سەربازی لەناوخۆی کوردستان دەکەن.

هەروەک چۆن حاڵی حازریش تورکیا بەردەوام هاریکاری جەبهەی تورکمانی دەکات و چەکداری کردوون وەک هێزێک بۆ ئەوەی لە کوردستان وەک هێزێکی چەکدار بوونیان هەبێت.

بەڵام پرسیاری سادە و ساکار ئەوەیە، ئایا تورکیا دەخوازێت کێ هاوسێی بێت؟

ئەگەر هەڵبژاردنی تورکیا لەنێو ئەو دووخیارەدا بێت، کاتێک عێراق لەبەریەک هەڵوەشا، دەخوازێ دەوڵەتێکی ئیسلامی یان دەوڵەتێکی کوردی هاوسێی بێت؟

بێگومان تورکیا دەوڵەتی کوردستان هەڵدەبژێرێت کە هاوسێی بێت.

دەمێنێتەوە ئێران، ئێران بەشێوەیەکی ئاشکرا دەست لە کاروباری هیچ لایەک وەرنادات، بەڵکو هەوڵدەدات بەشێوەی نهێنی دەست لەکاروباری کوردستان وەربدات.

#### ٢- ململانێی شیعەو سوننە لەسەر دەسەڵات

بە هەمان شێوە کاریگەری هەڵوەشانەوەی عێراق لە سەرتاسەری عێراقدا بە بەراورد لەگەڵ کوردستان خراپتر دەبێت، هاووڵاتییانی باشوورو ناوەڕاست زۆر زیاتر لە هەرێمی کوردستان تێکەڵ ترن، جیاوازی ئەوان جیاوازی مەزهەبییە و سەرەتای ئەم گرفتەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئاینی ئیسلام، شیعە و سوننە تارادەیەک دەخوازن ناسنامەیان عێراقی بێت، بەڵام گرفتەکە لێرەوە دەست پێدەکات کامیان کۆنترۆڵی عێراق بۆ خۆی بکات، ململانێشیان لەناوحکومەتی کاتیدا هەر لەسەر ئەوەیە چۆن بتوانن کام دامەزراو گرنگە بۆ خۆیانی ببەن.

شیعەکانی عێراق بەشێوەیەکی تاکتیکی بەهاتنی ئەمریکا بۆ عێراق

رازین، ئەمەش وەک بەرژەوەندییەک بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆیان سەیری دەکەن، ئەمریکاش لەدیدی خۆیەوە پیاوێکی بەهێزی وەک سەدام حوسێنی لەزۆرینەی شیعە بۆ حوکمڕانی عێراق پێ باشترە.

هێڵە گشتییەکانی بیرکردنەوەی شیعە بەوجۆرەیە کە شیعە لەم قۆناغەدا یەکگرتوو بێت، هەمووشیان دەزانن ئایەتوڵڵا سیستانی جارێکی دیکە هەژموونی سوننە لە حوکمدا قبوڵ ناکات، هەروەها بیروبۆچوونی سەرکردە شیعەکانیش وەک عەرەب رەنگدانەوەی رای گشتی شیعەکانە، ئەوان پێگەی کوردیان لە عێراقی فیدراڵدا پێ قبوڵ نییە، هەروەک چۆن موقتەدا سەدر بە ئاشکرا دژی کورد لێدوانی دەدا، ئەم لێدوانانەی سەدریش رەنگدانەوەی بەشێکی زۆری ئە و بزاڤەی شیعە کە پێشتر باوک و باپیری موقتەدا رێبەرایەتیان کردووە.

گرووپە سیاسییەکانی سوننە تا ئێستاش کاریگەری هەڵوەشانەوەی حزبی بەعسیان لە سەرەو ئەوپارتە سیاسیانەش بەناوی سوننەوە قسە دەکەن، هەندێک گرووپی سیاسین کە هێڵێکی میانڕەوی سیاسی چینی ناوەند هەیە و گەلێک لە چاودێران ئومێدیان وابوو بۆ بەشداربوونیان لە حوکمی عێراقدا دەربکەون، بەڵام ئێستا ئەوەی نوێنەرایەتی سوننە دەکات لایەنە ئیسلامییەکان و ئەو کەسایەتییە سیاسییانەن کە لە دەرەوەبوون نوێنەرایەتیان دەردەکەوێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەستی گشتی شەقامی سوننە تائێستاش چەمکێکی توندڕەوە وەک چۆن لەکارە تیرۆریستەکان دژ بە هێزەکانی هاوپەیمانان دەردەکەوێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە سوننە جارێکی دیکە لەو بڕوایەدانییە کە بەشێوەیەکی ئاشتییانە هەژموونی رابردووی لە سەنتەری عێراقدا بۆ بگەڕێتەوە، هەربۆیە هەوڵدەدات هەوڵە سیاسی و سەربازییەکانی رێکبخات و دەست بەسەر حوکمدا بگرێتەوە، حاڵی حازریش یاخی بوونی سوننە پێگەیەکی جوگرافی فراوانی گرتۆتەوە، نەک کاری تیرۆریستی تاک و تەرا.

ئەم بارودۆخە خۆی لەخۆیدا هەڵوەشانەوەی عێراقی دروستکردووە و وتووێژەکانیش لەسەر ناوەرۆکی ناسنامەی مەزهەبین، ئەم سیناریۆیە بۆ هیچ لایەک جێگەی دڵخۆشی نییەو ئاکامەکەشی مەترسیدارە بۆ هەر هەڵبژاردنێک لە ئایندەدا بکرێت، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدایە شێوەیەکی تەوافقی بۆ رێگرتن لەم سیناریۆیە رێکبخات، ئەگەر سەرکەوت،ئەوا مەترسی هەڵوەشانەوەی بۆ ماوەیەک دوور دەخاتەوە و لانی کەم هەڵبژاردنەکان بە یەکپارچەیی ئەنجام دەدرێت.

### سیناریۆی دووەم

### ٢- یەکپارچەیی عێراق

ئەم سیناریۆیە کەناوی لێنراوە « یەکپارچەیی » واتە وڵات و کۆمەڵگەی عێراقی هەوڵبدەن رێگە لە هەڵوەشانەوە بگرن، بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەش بێتە دی، ئەوا پێویستە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی عێراقدا ئاستێکی بەرزی دیپلۆماسی و تەوافقێکی گەورە پیادەبکرێت.

لەم چوارچێوەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەگکرتووەکان لەسەر هاوبەشیکردنی دەسەڵات یەک دەنگن، دەبێ هاوبەشی عێراقییەکان بکەن لە دەسەڵاتدا.

### رێککەوتن لەسەر دۆسییەکان

کاتێک دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان دامەزرا«cpa» ، کاروبارەکان بەشێوەیەکی مەرکەزی و لەلایەن سەرکردەی گرووپە سیاسییەکانەوە بڕیاری لەسەردەدرا، ئەم گرفتە بەجۆرێکی دیکە رووبەڕووی سەدامیش ببووەوە، بەڵام سەدام حوسێن بەسیاسەتێکی سەرکوتکەرانە مەترسی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دوورخستبووەوە.

ئەم شێوازە شێوازێکی گونجاو نەبوو بۆ «cpa» ، بۆیە «cpa» پەنای بۆ «un» برد بۆ ئەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ یەکپارچەیی عێراق دابڕێژرێت.

لەم حاڵەشدا حکومەتی کاتی عێراق لەلایەن هەرسێ گروپەکەوە بووەتە جێگەی گلەیی و گازاندە.

-عەرەبە سوننە عیلمانییەکانی دەیانەوێت هەرپڕۆسەیەک لە عێراقدا ئەنجام دەدرێت نەتەوەیەگکرتووەکان بەشێکی بێت یان سەرپەرشتی بکات.

- عەرەبە شیعەکان هەر شێوازێکی حکومەت بە لاوازبوونی دەسەڵاتی خۆیان دادەنێن بۆیە داوای حکومەتێکی هەڵبژێردراو دەکەن.

- کورد هەر نەخشە و پلانێک رەتدەکاتەوە، ئەگەر هاوتای ئەو دەسکەوتانە نەبێت کە لە هەرێمی کوردستاندا بەدیهاتوون، کورد هەربە هێندە رازی نابێت بە زمانی کورد لە هەرێمدا قسە بکات.

هەربۆیە لەم بەرەنجامەدا و لە میانەی یاخیبوونی سوننە و موقتەدا سەدر و داواکارییەکانی سیستانی بۆ هەڵبژاردن و سووربوونی کورد لەسەر مەسەلەی فیدراڵیزم، CPA ناچار کرد بگەڕێتەوە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەخزەر ئیبراهیمی نارد بۆ عێراق، بەڵام ئەویش نەیتوانی موعجیزە دروست بکات. بیروبۆچوونە نیشتمانییەکان بەو جۆرەیە کەپێگە سەرەکییەکانی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوە و مەزهەب دا بەشبکرێت ، بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن بەباشترین شێوە دەسەڵات و پێگە سەرەکییەکان دابەش دەکرێن.

لەلایەکی دیکە، کلیلی یەکپارچەیی عێراق بەو شێوەیەیە کە ئازارەکان بەسەر هەموو لایەکدا، دابەشبکرێت، نەک هەمووی لەسەر یەک لایەن کۆبکرێتەوە، ئەمەش بەومانایەیە کە هیبچ لایەنێک هەموو داخوازییەکانی بۆ جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو هەندێ داواکاری بچووک هەیە دەبێ لەبەریەک پارچەیی عێراق چاوی لێ بپۆشرێت، بۆ ئەمەش هەرلایەک گەرەنتی خۆی دەوێت!

١- عەرەبی سوننە گەرەنتی ئەوەی دەوێت نەکرێتە قوربانی رەفتارەکانی رژێمی سەدام حوسێنی پێشوو.

٢- شیعە دەتوانێت چاو لەو زوڵم و زۆرەی لەسەردەستی رژێمی پێشوو چەشتوویەتی بپۆشێت، ئەگەر بەرێژەی خۆی دەسەڵاتی لە حکومەتدا هەبێت.

بەڵام دیسان شیعە لەبەر پێگەی ئایین لەدەستووری هەمیشەیدا هەمان کێشەو گرفت دووبارە دەکاتەوە.

٣- بۆ دوورخستنەوەی ئەگەری تێکچوونی نێوان کورد و باقی پارچەکانی دیکەی عێراق پێویستە سەرکردە کوردەکان لە دەسەڵاتی عێراقدا رۆڵی کاریگەریان پێبدرێت، ئەگەر ئەم رۆڵە لەناو حکومەتیشدا نەبێت، دەبێت لە پابەندبوون بەبڕگەکانی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت رەنگدانەوەی هەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت لای کورد بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، کورد بەو جۆرە سەیری یاسای کاتی دەکات کە کوردستان دەبێتە هەرێمێکی فیدراڵی و ناوچە تەعریبکراوەکان بە تایبەتی کەرکوک دەگەڕێتەوە ناو سنووری هەرێمی فیدراڵی کوردستان، کورد لەم بوارەدا ناسنامەی کوردستانییەتی کەرکوکی دەوێت و رازییە بەوەی سامانی نەوتەکەی بۆ هەموو عێراقییەکان بێت.

لەم حاڵەتەدا و بۆ ئەوەی سیناریۆی یەکپارچەیی عێراق ببێتە سیناریۆیەکی سەرکەوتوو، ئەوا دەبێت هەموولایەک بەتەوافق رازی بن، ئەم تەوافقەش لانی کەم داخوازییەکانی هەرلایەک جێبەجێ دەکات.■